# خەندە عەبدوڵا "هەر لە سەرەتاوە حەزم لە لاسایی کردنەوە نەبووە"

خاوەنی بەرهەمێکی کەمە، بەڵام خەندە عەبدوڵای گۆرانیبێژ جێگای خۆی لەنێو گەنجاندا دەکاتەوەو هەر لەسەرەتایی دەستپێکی وەك هاورێی بەرنامە، لە زۆربەی رادیۆکاندا، بەدەنگە ناسکەکەی هۆنراوەی دەخوێندەوەو گۆرانی دەچڕی، خەندە دەڵێت"کاتێ لەرادیۆ هۆنراوەم دەخوێندەوەو گۆرانیم دەوت، هەستم دەکرد گوێگرەکان دەنگی منیان لاخۆشە، ئەمەش هاندەرێك بوو بۆ بەردەوام بونم".

خەندە لەدایك بووی شاری هەولێرەو لە نێو خێزانێکی هونەر دۆستەوە چاوی کردۆتەوەو بەدونیای گۆرانیو مۆسیقا ئاشنا بووەو هاندانی خێزانەکەی، بەتایبەتی باوکی ئەوەندەی تر هونەری لا خۆشەویست دەکات.

ئەو بە پێچەوانەی زۆربەی گۆرانیبێژان بەلاسایی کردنەوە، دەست پێ ناکات بەڵکو" هەرلە سەرەتاوە حەزم لەلاسایی کردنەوە نەبووە، بەڵکو رێچکەی تایبەتی خۆمم هەیە". تەنانەت ئەو ستایلەی گرتوویەتیە بەر زیاتر زەوقو سەلیقەی خۆیەتی" مامۆستایەکی تایبەتیم نیە، بەخۆم شێوازی گۆرانی وتنەکە دیاری دەکەم". مامەڵە کردنی خەندە لەگەڵ شیعرو دونیای ئەدەبو رۆمانسیەت کاریگەریەکی ئاشکرای دەبێت، لەهەڵبژاردنی جۆری هۆنراوەکانو ریتمی مۆسیقا، بۆیە زیاتر بە ریتمی خاوو هۆنراوەی رۆمانسی، گۆرانی دەچرێت. ئەو بێجگە لە نیشتمانو دایك و سروشت، گۆرانی بۆ هەموو گەنجان دەڵێت بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدایە راستگۆیانە ئەو هۆنراوانە بەرجەستە بکات" ئەو هۆنراوانەی هەڵیدەبژێرم گوزارشت لەناخم دەکەنو کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر هەستو سۆزم بۆیە دەتوانم بیکەم بە گۆرانی".

خەندە بۆ ئەوەی پەرە بە بەهرەکەی بداتو بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەنگی رابهێنێت، دەچێتە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی شاری هەولێرو ئێستا خوێندکاری قۆناغی یەکەمە.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٣ بە شێنەیی، هەنگاو بەرەو دونیای هونەرو میوزیك دەنێت، تاکو ئێستا خاوەنی چوار گۆرانیەو دوانیانی کلیپ کردووەوبەرهەمێکی تازەشی ئامادەکردوە بەناوی( تەنیات کردم) بەنیازە گەربۆی برەخسێت کلیپی بۆ بکات.




**نەجیبە**

# لەبەریتانیا "لە ئێوارەیەکی شیعریدا (زەنگوڵ ووتن) دەزرنگێتەوە"

پاش دەرچوونی کتێبی (زەنگوڵ ووتن)ی ژنە شاعیری کورد، نەزەند بەگیخانی، بەزمانی ئینگلیزی کتێبخانەی بەناوبانگی بەریتانی London Review Bookshop بەهاوکاری خانەی پەخشو گۆڤاری Ambitی بریاردەدات ئێوارە کۆرێکی شیعری ساز بکات، بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی (زەنگوڵی ووتن). بە گوێرەی رەنگدانەوەی کتێبەکە لەناو شیعر دۆستان لە بەریتانیا، (زەنگوڵی ووتن) ،سەدایەکی باشی دەبێت لەنێو خوێنەران دا، وەهەروەها لەراگەیاندنەکانیش بەهەمان شێوە، وەك بەرنامەی سەنگینی Start رادیۆی ٤ی بەریتانی the Weekکە ئەندرۆمار پێشکەشی دەکات ئاماژەی پێداوەو، نەزەند بەگیخانی بانگهێشت کردبو، بۆ خوێندنەوەو گفتوگۆ کردن لە بارەی کتێبەکەی کە لە١٢/١٥/ ٢٠٠٦ کەوتە کتێبخانەکان.

لەکتێبی (زەنگوڵی ووتن)دا بێجگە لە شیعرەکانی شاعیر پێشەکیەکیش بەخامەی هەریەك لەنازم حیکمەتو ئانا ئەخماتۆڤاو ریتشارد مەکەیین دەخوێنێتەوە. لەسەر بەرگی دواوەی کتێبەکە ژنە شاعیری ئینگلیزی مۆنیزا ئەلڤی نوسیویەتی" نەزەند بەگیخانی ئەزموونی ژنبوونو کوردبوونو مەنفای لە کۆمەڵە شیعرێکی وێنە ئامێزدا، بەرجەستە کردووە کە گەواهی پێگەیشتنێکی دەگمەنی سیاسیو رۆحی دەدەن. ئەم شیعرانە وەکو زەنگوڵ مۆسیقایەکی روونیان




لێ دەرژێو ماوەیەکی زۆر دوای بیستنیان لە یادماندا دەزرنگێنەوە. پڕ هەست وەکو " ئەو هێڵە تەنکەی نێوان ژیانو مەرگ"، ئەم شیعرانە بەهێزنو گوروتین بە ژیان دەبەخشن".

سایتی کوردستان نێت

# هۆڵی پەخشان موفتی وەک هەنگاوێکی تری ژنانی کورد

ژنانی سلێمانی بۆمێژوویان سەلماندوە کەناتوانن دەستەوەسان بن لەئاست خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکاندا، هەمیشە بەپێی ئەوتوانایەی هەیانبوە درێغیان نەکردوە لەخزمەتکردن ئیتر ئەم خزمەتە لەبواری سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتیدا بوبێت، لەمێژوودا نمونەی وەك حەپسە عیرفانو حەپسەخانی نەقیب هتد.. زۆرن. درێژەدان بەم خزمەتگوزاریانە هەمیشە گەشبینم دەکاتو لە خۆشیاندا گەش دەبمەوە، چونکە نیشانەی ئەوەیە کە ژنانی کوردستان زیاتر لە جاران بەتەنگ خزمەتگوزای گەلەکەیانەوەنو هەوڵ دەدەن شانبەشانی پیاو هاوکاری لە بنیات نانی کۆمەڵگایەکی شارستانی بکەن، یەکێ لەو کارانەی سەرنجی راکێشام دروستکردنی (هۆڵی پەخشان موفتی)بوم ئەو پرۆژە گەورەیەی کەخانمی خۆشەویست خاتوو پەخشان موفتی بە ئەنجامی گەیاند، لە پانتاییەکی گەورەدا شوێنێکی تایبەتی بۆ ژنان دروست کرد کەلەناخۆشیدا بکرێ بە جێگای دانیشتنی پرسە بۆ ژنانو لە خۆشیدا وەك یانەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە ژنان تێیدا کۆبنەوە، بۆ باس کردن لە کێشەی گشتیو کێشەی ژنان بیرکردنەوە لەچارەسەری پێویست بۆ ئەو کێشانەی لەرێی ژناندایە یان لە بۆنەی تایبەتیدا یەکتری بیننو بیروڕا ئاڵوگۆڕکردنەوەیان، لەکاتێکدا درود بۆ ئەو ژنە تێکۆشەرە دڵسۆزانە دەنێرم کە لەژیاندا نەماون هاوکات دەست خۆشی لە خۆشکی بەرێزم خاتوو پەخشان موفتیش دەکەم دەمەوێت پڕ بەدڵ سوپاسی برای بەرێزم کاك فاروقی مەلا مستەفاش بکەم کە یاریدەدەری سەرکەوتنی ئەو پرۆژە گرنگە بو ئیتر بە هیوای ئەوەی چەندین خانمی تریش لە پرۆژەی جۆراوجۆردا بێنە مەیدان.

**ڕوناک ڕەوف سەعید**

# کۆرسێکی فیکری بۆ لاوانی سەیدسادق سازدەکرێت

لەزنجیرە چالاکیەکانی سەنتەری گەشەپێدانو چالاکی لاوان، ئۆفیسی سەیدسادق، کۆرسێکی سێ رۆژەی کە بۆ خوێندکارانی ناوەندیو ئامادەیی سازی دەکات.

کارگێری سەنتەری گەشەپێدانو چالاکی لاوانی سەیدسادق، سالار مەحمود بەتایبەت بەرێوانی راگەیاند" مەبەستمان لەم کۆرسانە کە چەند رۆشنبیرو رۆژنامەنوسێك بەرێوەی دەبەن هاندانو کاراکردنی تواناکانی لاوانە بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە باڵاکانیان".

ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە بابەتەکان" هەندێ لەبەها فیکریو مرۆییەکان دەپێکێ وەك، لێبوردنو ئیرادەو باوەربەخۆبوونو هتد، کە پێداویستیەکی گرنگە بۆ گەنجان لەپێناو خۆ دروست کردنو سەرکەوتنیان لە ژیاندا".

بابەتەکانی رۆژی یەکەم بریتیەلە(بەرەو مرۆڤێکی کارا) رۆژنامەنوس سەلام عبدالکریم رۆژی دووهەم (ئیرادەو باوەر بەخۆبوون) رۆژنامەنوس سالار محمودو هەروەها(چەند هەنگاوێك بۆ پێگەیاندنی خود) رۆژنامەنوس محمود عبدالکریم رۆژی سێیەم (لێبوردن هۆیەك بۆ جوان کردنی ژیان) حەسەن رەئوفو(چەند ئەزمونێك لەپێناو سەکەوتندا) ئۆمێد حەمە باقی، کۆرسەکانیش لە بەرواری ١/٣٠ دەست پێ دەکات.

**ئا/ ئەنوەر حەمە غریب**

# شەهێن تاڵەبانی "سێدیە تازەکەی بڵاوناکاتەوەو دەگەڕێتەوە هەندەران"

پاش گەرانەوەی بۆ کوردستان خانمی گۆرانیبێژ شەهێن تاڵەبانی لەهەفتەی رابردوو، بەنیازبو تازەترین بەرهەمی کە سێدێکە لە کوردستان تۆماری بکات، بەڵام سەرچاوەیەك بەرێوانی راگەیاند" تاڵەبانی لەگەڵ هیچ دەزگایەکی بڵاوکردنەوە رێك نەکەوتو گەرایەوە هەندەران" سیدێکە ٨گۆرانی هەمە رەنگ لە خۆ دەگرێت.

سەرچاوەکە ئەوەشی ووت"بڕیارە تاڵەبانی لەمانگی چواری ئەمساڵدا، سەردانێکی



تری کوردستان بکات بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتێك لە شارەکانی کوردستان".

## نواری

### نرخی بازار ئەڵێی مارە پێتەوە ئەدا

ئێوارەیەکی زۆر سارد بوولەناو باسدا بووم بەرەو ماڵەوە دەگەڕامەوە سەرنشینەکان جامەکانیان داخستبوو، سەرمایان بوو، ژنێکی بەتەمەن لەنێو هەمووان دەنگی بەرز کردەوە، وتی توخوا ئەمە حکومەتە، خۆمان ئاوو خۆمان کارەباوو خۆمان نەوت ..؟ سەرنیشینەکان هەموو ئەم قسەیان بەدڵ بوو هەریەکەو لەبەر خۆیەوە گفتوگۆیان کردەوە، پیاوێك وتی شتێك بڵێم بڕوام پێ دەکەن؟ ناو ئەم پاسە گەرمترە وەك لەماڵەکەی من، ئاخر نازانم من فەرمانبەرێکم مووچەکەم سێ سەد هەزار دینارەو دوو سەدو پەنچا هەزاری دەدەم بەکرێی خانوو، منو ماڵو منداڵو پەنچا هەزار دەمێنینەوە، نازانم چی لێ بکەم. ئەمە گرفتی زۆربەی سەرنشینەکان بوو، یەکێکی ترلەولاوە هەڵیدایەو وتی خەڵکینە ئەوسا شانازیمان بە کوردو کوردستانەوە دەکرد، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ئێستا هەموو کوردستان ئەدەم بە یەك بەرمیل نەوت، لەبەر ئەوەی، ئەوەی کردمان لە شاخەوشاخو ماڵ وێرانبوونمان بۆ بەرپرسە ماندووەکان بوو، ئەوان کورد بوون، ئێمە خەتمایل، ژنە بەتەمەنەکە هەڵیدایەوەو وتی ناشهێڵن بچین دار بێنینو بیسوتێنین، خێرا دەگەنە سەرتو دەتگرنو زەریبەیەکی باشت دەکەن، پیاوێکی دی وتی ئەوسا داوای هەرچیەکمان بکردایە وەڵامی بەرپرسان بۆ هاوولاتیان ئەوە بوو دەیان وت حکومەتەکەمان ساوایە، خۆ ئێستا بوە بە پیاوێك، لەوانەیە لەوەڵامی ئێستایاندا بڵێن حکومەتەکەمان توشی نەخۆشی دەرونی بوە. شۆفێرکە وتی توخوا ئێوە لەکەیەوە قسە ئەکەن بۆ باسێکتان لە مانگرتنەکەی ئێمە نەکرد، بۆچی بوو، راستە ئێمە برێك گازمان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین کراوە، بەڵام نرخی ناو بازار ئەڵێی مارە پێتەوە ئەدات، یەك کیلۆ تەماتە بە دوو هەزار دینارە، حکومەت ناتوانێ سنورێك بۆ ئەوانە دابنێ، بێگومان راست ناکات، بەمشێوەیە گفتوگۆ گەرم بوو هەتا گوێت بگرتایە نەهامەتیو نەبوونیت گوێ لێ دەبوو، وتم دابەزین هەیە، بێ ئەوەی گەشتبێتمەوە ماڵەوە، بەپێ کەمێك رۆشتم تا ئەو ووشانە لەمێشکم بێنەدەر، خۆ چاك دەمزانی ئەو نەهامەتیانەی باسیان کرد منیشی لێ بێ بەری نەبوم، بەڵام دیسانەوە وەبیریان هێنامەوە کە ئێمەش نەوتمان نەماوەو دەبێ مشور بخۆم.

**لاجان**